سەروتار



زانا خەلیل

# ریتمی چاخ



یەکێ لە هۆکارەکانی
مانەوەی شیعر بە
زیندوویەتی بریتییە لە
خۆنوێکردنەوە و
خۆگونجاندنی بەردەوام
لەگەڵ ریتم و موزیکی
چاخەکان

چونکە مرۆڤەکان لە یەکتری جیان ئەوا هەرگیز ناتوانرێ پێناسەی رەها بدرێتە هەموو ئەو وشە و زاراوانەی کە سەر بە یەکێ لە پۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکانن.

ئەگەر لە روانگەی کەسانێکەوە (داهێنان) تەماشاکردنی شتگەلێکی مەئلوف بێت بە شێوەیەکی نامەئلوف، ئەوا لای کەسانی دی پێناسەی دی بۆ کراوەو بۆشی دەکرێ.

شیعر لای پۆل ڤالیری: ( زمانێکە لە نێو زمان).. ئەدۆنیس شیعری نوێ بە روئیا پێناسە دەکا، روئیاش بەوە دیاری دەکا کە قەفزەیەکە لە دەرەوەی چەمکە جێگیرەکان.

بە درێژایی مێژوو تا ئێستا هەزاران و هەزاران پێناسەی جیا جیا بۆ شیعر کراوە، کەچی کۆکییەکی جێگیر و گشتگیر نییە بۆ پێناسەکردنی شیعر، هەر ئەوەشە کە وادەکات شیعر بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

یەکێ لە هۆکارەکانی مانەوەی شیعر بە زیندوویەتی بریتییە لە خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندنی بەردەوام لەگەڵ ریتم و موزیکی چاخەکان، دەشێ هاووێنەییێک هەبێ لە نێوانی مار و شیعر، دوای خەوتنێکی دوورودرێژی مار، کاتێ لە مەوسیمێکی نوێ دەردەکەوێ لە پێستە کۆنەکەی خۆی دێتە دەرەوەو بە پێستێکی نوێ خۆی نیشاندەدا.. شیعریش رێک ئاوایە.

هەندێجار بۆ ماوەیەکی درێژ بە ریتمی لە یەک نزیک و بە هەناسەی لێکچوو شیعرەکان دەخوێنینەوە، کەچی لەگەڵ هەر گۆڕانێکی نوێ کە رووبەڕووی جیهان دەبێتەوە ئیقاعی شیعریش دەگۆڕێ، بە نمونە: لە پاش هەموو جەنگە گەورەکان خاسیەت و سیماکانی شیعر گۆڕاوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، پەخشانی ئەوروپی بە ریتمی سیمفۆنیا دەنووسرا، هەناسەی درێژ و کتێبی قەبارە گەورە و وردبینی و درێژدادڕی لە گێڕانەوە.

لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم ئەدەبیات شێوە رەشبینی و دژایەتیکردنی واقیعی بە خۆیەوە بینی.. ئەمە جگە لەو هەموو رێبازە ئەدەبییەی کە پێویستییەکانی چاخ درووستی کردوون.

ئەو ١٠-٢٠ساڵەی ئەخیری گۆڕانێکی گەورەی تەکنەلۆژی هەموو دنیای داگیرکردووە، هەر بۆیە شیعری ئێستای ئەوروپی بە ئیقاعی (هاوز موزیک و پۆپ) دەنووسرێ، ریتمی ژیان خێرایە، تێکقژقژانێک لە واقیعی ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، مرۆڤەکان هەڵپە هەڵپی

ژیانیانە، شتگەلێکی زۆر و بێسنوور لە سەدەکانی رابردوو بوونیان نەبوو، بە دروستبوونو داهێنانیان سەرقاڵیی مرۆڤەکان زیاتربووە، زۆر لەو پێداویستیانەی کە لە چاخەکانی زووتردا گرنگیان پێ نەدراوە ئێستا لە پێشینەی حەز و خواستەکانی مرۆڤی چاخن، ئەوە جگە لە راکردن بەدوای ژیان: (لە پاسەوە بۆ ئوبان و لە ئوبانەوە بۆ شەمەندەفەر و لەوێشەوە بۆ فرۆکەخانەو بۆ کارگە و ئینتەرنێت و سینەما و مەلەوانگەو تەلەڤزیۆن و دیسکۆ و خوێندن و بازرگانی و گەشت و.......تاد) هەموو ئەو هۆکارانە وا لە زۆرینەی تاکەکان دەکەن کە کاتی خوێندنەوەی تۆلستۆیان نەمێنێ..

بە پێچەوانەوە تێکستی کورت و چڕ شوێنی ئەو بەرهەمە درێژانەی گرتۆتەوە، کە ئیدی هی ئەو چاخە نین، راستە تێکستی ئیبداعی شوێنزەمەن ناناسێ و هەموو هەڵبەز و دابەز و ئاستەنگەکان دەبڕێ، بەلام مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە لە قەیرانی بێکاتیدا دەناڵێنێ.

ئەدەبیات دیاردەیەکی سەد دەر سەد ئیندیڤدوێلی نییە، بەو واتایەی دەبێ پردێک هەبێ لەنێوانی نێرەر و وەرگر، هەموو ئەو نووسەرانەیش کە ئەدەبیاتی جددی بەرهەمدەهێنن چاوەڕوانی فراوانترکردنی ئەو پردە دەکەن کە لەنێوانی خۆیان و وەرگردا هەیە، پاولۆ کۆیلۆ یا فێرمین یا گاردەر تەنیا بۆ کەسانێکی جددی و گۆشەگیر نانووسن، ئەو پێشوازییەی کە لە بەرهەمەکانی ئەوان دەکرێ بەڵگەی تەواوە بۆ ئەو دەربڕینەی ئێمە.

ئەگەر بێت و مەرامی قسەکانی خۆم لێرەدا چڕبکەمەوە دەبێ بڵێم: ئەو چاخەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین چاخێکە خاوەن ریتم و ئیقاعێکی تایبەت بە خۆیەتی کە جیاترە لە هەموو چاخەکانی رابردوو، ئەگەر تێکستی جددی موڵکی هەموو چاخەکانیش بێ، ئەوا هێشتایش هەندێ سیما و خاسییەت و تایبەتمەندی هەن کە ئەدەبیاتی قۆناغێک لەگەڵ قۆناغێکی تری مێژوو لە یەکتری جیادەکەنەوە.

ئەوە بۆچوونی من نییە کە بڵێم باوی تێکستی درێژ و ئاڵۆز و بە پلپلە و سلسلە نەماوە لە دونیا، چونکە هەموو شتەکان گۆڕانیان بەسەر هاتووە، ئەگەر لە هونەری بیناسازی سەردەمی مۆدێرن بڕوانین و بە ئێستای بەراورد بکەین، ئەوا جۆرێک خوێندنەوەی دروستمان بۆ ئەدەبیاتیش دەبێ..

چونکە ئەدەبیات هەرگیز و بۆ هەمیشەیش لە ژیان و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ژیانەوە هەیە دابڕاو نییە، بەڵکو ئەدەبیات خودی ژیانە.